www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13:10 27-5-2006

## جوانترین خۆکوشتن لە شیعری ئێوارەیەک بۆ خۆکوشتن-ی بەرزان هەستیار ... ئارام سدیق





مرۆڤ لەسەرەتای بوونیەوە هەمیشە دژی ئەو شتانە بووە کە کۆتایی بە بوونی دەهێنن و هەمیشە ویستویەتی نەمری بۆ خۆی دەستەبەر بکات (مەبەستم لە نەمری راڤە کردنیەتی بە چەندین واتای جیا جیا کە ئێرە شوێنی باسکردنی نییە) ، بەڵام مرۆڤ لەگەلڕ ئەوەی لە زۆرێك لەم هەوڵانەدا شکستخواردوو بووە، بەڵام ئەگەرچی تا رادەیەکی کەمیش بێت توانیویەتی پەی بە پەنهانەکانی بوون و گەردوون بەرێت و لەڕێی کەشفکردنی بووەکانیتری گەردوونەوە بوونی خۆی کەشف بکات، ئەم هەوڵە بەردەوامانەی مرۆڤ بە ژیاندۆستییەوە ببەستینەوە دەبینین لە بەرامبەر ئەمانەشدا زۆرێك لە مرۆڤەکان لە بوونی خۆیان ناڕازین و ئەم ناڕازیبوونەش سەرەتای بیرکردنەوەی عەدەمیانە و گەشەکردنی غەریزەی مەرگدۆستیە لە ئینساندا. بێگومان هەموو دەزانین مرۆڤ کائینێکی ئاڵۆز و هەستیارە لەمەوە هەمیشە ئەو هەستەی هەیە کە دەبوایە شتەکانی دەوروبەری لە ئاستی باڵاتردا بوونایە و زیاتر لە خزمەتی ئەمدا بوایە، ئەم ناقایلبوونەی مرۆڤ بە بوون سەرەتای ئەو هاوکێشەیە کە "خۆکوشتن" دروستی دەکات و مرۆڤ بەر لەوەی سروشت مەرگی پڕ رەوا ببینێت خۆی مەرگ بە خودی خۆی ڕەوا دەبینێت و ژیانی فانی بەجێدەهێڵێت و بەرەو نادیار دەکەوێتەڕا

دەکرێت لەم سەرەتایەوە قسە لەسەر شیعری (ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن) ی بەرزان هەستیاری شاعیر بکەین، ئەگەر سەرەتا قسەیەك لەسەر ئەزموونی شیعری شاعیر بکەین دەبینین شاعیر لە هەشتاکانەوە دەنوسێ و وەکو دەنگێکی نوێی نەوەدەکان خۆی بە خوێنەران ناساند و ئەوەندەی من ئاگاداربم شاعیر لە دیوانی (نەوەیەك پیرە مندالڕ) ی وەکو ئەزموونی قۆناغێکی بڵاوکردەوە، بەڵام پاشان لە ساڵی (2005) دا دیوانی (بەتەنیشت فەنابوونەوە) ی چاپکرد کە ئەم ئەزموونەی بەرزان ئەزموونێکی نوێ و سەرکەوتوتری ئەم شاعیرە بوو. شاعیر لەم دیوانە نوێیەیدا جیهانبینی شیعری فراوانترە و بە روئیایی نوێ و وێنەی جیاواز و تازەوە خوێنەر دەخاتە بەردەم ئیستاتیکای شیعری. بەهەر حالڕ لێرەدا ناچمە تەفاسیلی ئەو دیوانەی بەرزانەوە ئەوە هەڵدەگرم بۆ شوێنێکیتر، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا لێی بدوێم شیعری (ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن) ە. ئەم شیعرە ئەزموونێکی نوێی بەرزانە و پاش دیوانی (بەتەنیشت فەنابوونەوە) نوسراوە. ئەگەر سەرەتا لە ناونیشانی شیعرەکە بکۆڵینەوە دەبینێن چەمکی ناونیشان بەتەواوی گوزارشت لە نێو دەق دەکات و باڵادەستی تەواوی هەیە بەسەر دەقدا و هەردوو وشەی (ئێوارە) و (خۆکوشتن) بەکار هاتووە. ئێوارە رەمزە بۆ چەندین مانای جیاواز کە من مەبەستمە لە چەند مانایەکدا کە خزمەت بەم نووسینە دەکات باس بکەم. ئێوارە لە یەکێك لە ماناکاندا رەمزە بۆ بەیەکگەیشتن وژوانی نێوان دوو عاشق و گۆڕینەوەی رازەکانی یەکتری.

هەروەها ئێوارە لە مانایەکیتریدا دەکرێت وەکو ئاوابوون و کۆتایی لێکیبدەینەوە وەکو ئەوەی کە رۆژ بەرەو ئاوابوون دەڕوات، بەڵام چەمکی (خۆکوشتن) یش بە هەمان چەشنی چەمکی (ئێوارە) دەکرێت چەندین راڤەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت. ئێمە دەزانین خۆکوشتن دەیان بگرە سەدان هۆکاری جۆراوجۆری هەیە، بەڵام هۆکاری سەرەکی و دیاری کە زۆرترین کاریگەری هەیە بێئومێدی مرۆڤە بەرامبەر ژیان پێشهاتە جۆراوجۆرەکانی. لەم شیعرەشدا هەمان هۆکاری نائومێدی بۆتە هۆی ئەوەی بڕیار لەسەر خۆکوشتن بدرا، نائومێدی لەوەی لە چاوەڕوانیدا هیچ رێگەچارەیەکیتر بەدی ناکرێت بۆیە بڕیاری لەسەر هەڵبژاردنی مەرگ داوە سەرەتا شاعیر دەنوسێت؛

هیچ ئەسەرێکت نییە

فریای بینینی ئەم خۆکوشتنە جوانەم ناکەویت

پا راناگەیت ئەو خوێنە ببینیت،

ئەو خوێنەی لە ئارام گرتندا پیس بووە

وەکو دەبینین شاعیر باسی ئەو خۆکوشتنە دەکات کە خۆی دەکوژا وە ئەو خۆکوشتنەش جوانە ئاخر جوانی خۆکوشتن لەکوێدایە؟! کەی خۆکوشتن جوان بووە؟ کە ئێمە دەزانین هەرگیز خۆکوشتن جوان نییە، بەڵام ئەمانە پرسیارن و شاعیر رووبەڕووی خوێنەری دەکاتەوە. شاعیر ئەو خۆکوشتنەی پێ جوانە، چونکە بڕیاری خۆ یەکلاییکردنەوەیە لە دژی چاوەڕوانی و چەکی دەستی دژی نەهاتی کەسی بەرامبەر (هەڵبژاردنی مەرگ) ە ئەو مەرگەی هەر ساتێك بێت بێپەروایانە دەبێتە میوانی هەمیشەی مرۆڤ. مەرگی خۆویست بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤە دژی یاساکانی سروشت و تێکدانی ئەو یاسایانە. لێرەوە دەکرێت قسە لەسەر سر و شتی مرۆڤ بکەین مرۆڤ ئەو بونەوەرە سەرکێشەیە کە دەیەوێت زۆرترین نهێنی ئەم گەردوونە کەشف بکات مەرگیش یەکێکە لەو نهێنیانەی مرۆڤ هەمیشە ویستوویەتی بەر لە هاتنی ئەزمونی بکات و رادەی چێژ و پەنهانەکانی تاقی بکاتەوە، ئەمە پەیامی فەلسەفی خۆکوشتنە، نەك ئەو هۆکارە سادانەی لەملا و لا باس دەکرێن من ئەو هۆکارانە رەت ناکەمەوە، بەڵام ئەو هۆکارانە هەڵگری راستیەکی رێژەیین، بەڵام دەکرێت هۆکاری سەرەکی خۆکوشتن ئەو خولیا لاشعورییەی مرۆڤ بێت بۆ ئەزمونکردنی پرۆسەی مەرگ.

دواتر شاعیر باس لەوە دەکات کە خوێنی جەستەی لە ئارام گرتندا پیس بووە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە شاعیر ناتوانا چیدی لە چاوەڕوانی کەسی بەرامبەردا ئارامبگرا و ئەو ئارامگرتنە خوێنی جەستەی پیس کردووە. ئەمە ئاماژەکردنێکی جوانی شاعیرە بۆ وەسفکردنی چەمکی (چاوەڕوانی) دەیکات. شاعیردواتر دەنوسێت؛

ئێوارەیەك لەنێو حەوشەی ماڵەکەمدا

رێك بەرامبەر خۆرئاوابوون.

خوێنێك ئەڕێژم لە رەنگی یاقووت

لێرەشدا دیسان شاعیر باسی (ئێوارە و خۆرئاوابوون) دەکاتەوە و جەخت دەکات کە لەو ئێوارەیەدا خوێنی خۆی دەڕێژا و مەرگ هەڵدەبژێرێت ئێوارە وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا دەکرێت وەکو لێکدراوێك بۆ دوو مانا راڤەی بکەین مانایەك بۆ ژوان و مانایەك بۆ ئاوابوونی خۆر وەکو خۆی لەدواتردا باسی خۆرئاوابوون دەکات کە دەیەوا لەگەلر ئاوابوونی خۆردا ئەویش ژیانی خۆی ئاوابکات.

بەرزان لەم شیعرەدا تا دواپلەی بڕوا ئاوێتەی مەرگدۆستیە مەرگدۆستیەك کە شاعیر ئاواتەخوازە خۆی خوێنی خۆی بڕێژا و ئەوەش دەدرکێنا کە ئەم ساتی هەڵبژاردنی مەرگ دووبارە نابێتەوە هەتا دەڵێت؛

ئەمە ئەو خۆکوشتنەیە....

وەکو قیامەت یەك جار روو ئەدات

ئەو خوێن بەربوونەیە

هیچ دەمارێك بەخۆیەوە نەبینیوە،
لەم خۆرنشینەدا
لەگەڵ هاتنی تۆدا
لێزمەی خۆکوشتن داوەت ئەکەمەماڵەکەم
لەگەڵ دیارنەبوونی تۆدا
لەرزینی گوللەیەك گەرم ئەکەمەوە و
ئەویش داخبوونی من ئەکات بە سەهۆڵ

فرۆید لە کتێبی (تەوتەم و تابۆ) دا لەمەڕ مەرگ دەڵێت؛ "لەوانەیە مەرگ گەورەترین نەگبەتی بێت کە ڕوو لە کەسێك دەکات، کەواتە دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامە کە ئەوە مافی مردووەکانە تاکو بۆیان دەکرێت لەچارەنووسی خۆیان ناڕازی و تووڕەبن". ئەمەش دیسان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی رقی لە مەرگە مادام رقی لە مەرگە حەقی خۆیەتی بەرگری لێبکات و رقی لێبێتەوە، بەڵام لای بەرزان راستە رق لێبوونەوە لە مەرگ هەست پێدەکرێت، بەڵام بانگەشەیەکی مەرگدۆستیش سەتاپای شیعرەکەی گرتۆتەوە، ئێمە لەسەرەتادا لەسەر ئەم خاڵە وەستاوین و خۆشی دەڵێت؛
دەمێکە شەونمی ئەم خۆکوشتنە..
تکاوەتە سەر گەڵاکانی هەناوم

مرۆڤ رقی لە مەرگە چونکە کۆتایی بۆ پرۆژە و پیلانەکانی داهاتووی دادەنا، مردن دێت و سنورێك بۆ ئارەزووەکانی مرۆڤ دادەنێت، مەرگ هێڵێکی سورە لەبەردەم ئینساندا، بۆیە ئینسان رقی لێیەتی و ئەوەندەی بۆی بکرێت لەدەستی رادەکات و خۆی شێوەی مەرگ و شوێنی مەرگی خۆی هەڵدەبژێرێت.
شاعیر دەنوسێت؛
دیار نەبوویت، من ئیتر ناتوانم
لەزەتی خۆکوشتن دوابخەم
ئیدی من نامەوا
خۆم لە میوەی بەهەشتی...
ئەم مردنە بێبەش بکەم

دەبا لێرەدا قسە لەسەر ئەوە بکەین کەچی وا لە مرۆڤ دەکات لەزەت لە خۆکوژی وەربگرێت بێگومان وەکو لە چەند شوێنێکی تریشدا ئاماژەم پێداوە یەکێك لە هۆکارەکانی خۆکوشتن بێهیوابوونە لە شتێك. ئەو شتەی شاعیر لێرەدا لێی بێهیوایە ژوانی یارەکەیەتی. ژوانێك کە زۆر بۆی تامەزرۆیە، بەڵام لەگەڵ هاتنی (ئەویتردا) شاعیر بڕیاری خۆ یەکلایکردنەوە دەدات کە ئەویش خۆکوژیە و دەیەوا لەزەت لە میوەی مەرگ ببینێت لەکۆتایی ئەم دەقەدا بەرزان دەنوسێت؛
ناتوانم چاوەڕێت بکەم،
ئای کەسەکەم چەند بەتام بوو
ئەم ئێوارەیەم ئاڵتر کەیت
تاکو جوانتر خۆم بکوژم

لەم چەند دێڕەدا هەست دەکەین شاعیر لەوپەڕی بێئومێدیدایە و بەهاتنی (ئەویتریش) خۆکوژی هەڕوودەدات، چونکە کات نەماوە بۆ ژیان و پێکەوەبوون، کات نەماوە بۆ عەشق و لێکئاڵان. بۆیە دەیەوا جوانتر خۆی بکوژێت. ئەوەی دەمەوا لەدواجاردا قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە ریشەی ئەم مەرگدۆستییە لای بەرزان رەنگدتنەوەی لە چەندین دەقی تریشدا هەبووە بە تایبەتیش دەقی (مردن لێرە وایەقوربان، مەرگی جیهانی یەکەم) دا، بەڵام دەبا نکوڵی لەوەش نەکەین شیعر ئەو پاڵنەرەیە کە تەواوی هەست و ئارەزووە خەفەکراوەکانی مرۆڤ دەنوێنا. شیعر ئازادییە، نەك بەو مانایەی دەلالەت

لە قوڵایی ناخ دەکات کە وەك رووکار بەرجەستە بێت کەوا لە کەبتکراوەکان دەکات بەئازادی تەعبیر لە خۆیان بکەنەوە. لەم شیعرەشدا بەرزان زۆر ئازادانە و گوزارشتی لەو چرکانە کردووە کە چاوەڕوانی (بەرامبەر) دەکات. ئەمە دەمانگەیەنەتە ئەوەی بەرزان لە ریزی شاعیرە راستگۆکاندا ناوزەد بکەین. راستگۆیی بەو مانایەی کە رتوشی ئیحساسەکانی ناخی خۆی ناکات، ئەو ئیحساسانەی زۆرێك لە تاکی کورد پێی شەرمە باسی بکات.